لەو ئایەتانەی دەخوێندران لە قورئاندا: (عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ)، پاشان هەڵوەشێندراوە بە (پێنج -شیرپێدانی- زانراو)، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دواییکرد، لەکاتێکدا ئەم وشانە هەر دەخوێندران لە قورئاندا

لە عائیشەوە دەڵێت: «لەو ئایەتانەی دەخوێندران لە قورئاندا: (عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ) واتە: (دە شیرپێدانی زانراو بەدڵنیاییەوە دەبنە هۆی دروستبوونی مەحرەمیەت -حەرامبوون پەیوەندی لە نێوان منداڵە خوار دوو ساڵە شیرپێدراوەکە وئافرەتە شیردەرەکە-)، پاشان هەڵوەشێندراوە بە (پێنج -شیرپێدانی- زانراو بەدڵنیاییەوە)، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دواییکرد، لەکاتێکدا ئەم وشانە هەر دەخوێندران لە قورئاندا».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە ئەو شیرپێدانەی کە مەحرەمیەت -حەرامبوون پەیوەندی لە نێوان منداڵە خوار دوو ساڵە شیرپێدراوەکە وئافرەتە شیردەرەکە- دروستەدەکات لە سەرەتادا دە جار شیرپێدان بوو وئایەتێک بوو لە قورئاندا، پاشان وشەکان وحوکمەکەیشی هەڵوەشێندرایەوە -نەسخ کرایەوە-، بۆ پێنج جار شیرپێدانی زانراو مەحرەمیەت دروست دەکەن، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دواییکرد، لەکاتێکدا ئەم وشانە هەر دەخوێندران لە قورئاندا، چونکە هەڵوەشاندنەوەی ئەم وشانە وحوکمەکەی زۆر دواکەوت هەتاوەکو لە لای هەندێک خەڵکی نەزانراو بوو هەر دەیانخوێندەوە وایاندەزانی هێشتا ئایەتێکە لە قورئان، بەڵام لە پاشان پێیان ووترا کە وشەکان وحوکمەکەیشی هەڵوەشێندراوەتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58176